# بووکەشووشەکانی شەرم

موحسێن تێهرانی
وەرگێران: عوسمان ـ م

کچۆڵەکە هێشتا دەستی رائەکێشا .... ئارەقەی شەرم کەوتبوە تەوێڵی، خۆی دابوو لە گێلی، وەک بڵێی نابیسێ .... ئاخرەکەی بە کچۆڵەکەی ووت : "چیە ؟! باوکە گیان چی ئەڵێی "؟

چاوانی کچۆڵەکە بروسکەی ئەدا و دەستی باوکی توند بەرە و ویترینی دوکانەکە رائەکێشا، زەوق سەرتاپای داگرتبو، ئاخر وەک بلێیی تا ئێستا "بووکەشوشە"ی بەم جووانی و قەشەنگیەی نەدیبو. "بوکەشوشەکەی" کە بینی، ئێتر نەخۆشیەکەی لەبیر چوو. چاوی تێ بریبو : بابا ... سەیریکە چەندە جوانە !

بەڵام بابا لە ناو بیر و خەیاڵاتی خۆی دابوو، خەریک بوو بێری لێ ئەکردەوە کە ئێستا چی پێ ئەکرێ و چی بکا ؟! ...

بە معاشێکی مەمرە و مەژی و چوار سەر خێزان، خەرجی دەوا و دەرمان لە کوێ دابین بکا؟، کرێ خانو کە سێ مانگ نەیداوە، مەکتەبەکانیش کراونەتەوە.... قەرزکانیش کە ماوە، چییان لێ بکا؟!، لەم نێوانە دا، نەخۆشی سارا سەرباری هەموو شتێک ... ئەو منداڵە مەعسومەش کە خۆشی نەیدەزانی چ نەخۆشیەکی هەیە. سەیرێکی کرد ... کچۆڵەکە لە بیر و خەیاڵی بوکەشووشە دا نقوم ببو. باشە ... دیارە کچۆڵەیەکی شەش_حەوت ساڵان، ئەبێ هەر لە ناو بیری ئەم شتانەدا بێ، نەک بیری باوک و مەسرەفی ماڵ !. باوک چاوی بریبوە بوکەشوشەکە .... لەبەر خۆیەوە بیری لێ ئەکردەوە کە خۆزگا ئەیتوانی بیکرێ بۆی. ئاخر ئەویش وەک هەموو باوکەکان پێی خۆش نەبو منداڵەکەی دڵی برەنجێ. بەڵام دەسەڵات نیە، رومەتی سور هەڵگەرا بوو .....

❊ "بابا ... بابا گیان ... ئەیکری بۆم"؟

باوکی راچڵەکی ... دڵی پر ببو ... ئاخر سارا بە جۆرێک ووتی کە دڵی بەردیش ئەبوە ئاو. سەیرێکی کچەکەی کرد ... کچۆڵە غەرقی بوکەشوشەکە" ببو، دەستی بابی راکێشا و ووتی :

❊ " برێک ووەرە دواتر ... لە دورە جووانتر دیارە" !

باوکی هەروا ئەچووە دواوە کە کوتوپر ژنێک هاواری لێ بەرز بوەوە ! .... باوکی وەسورا و سەیری پشتەوەی خۆی کرد .... خەریک بوو پێ بنێ بە سەگێکی بچکولە دا، کە ئەو سەگەشیان وەک بوکەشوشەکە ئارایش کردبو.....

خاوەنی سەگەکە کە ژنێکی گەنج بو، وتی : " ئاگات لە خۆت بێ ! .... سەیرکە پێت، ناوەتە کوێ ! " باوک کە رەنگی پەریبو ووتی : "ببورە .... داوای لێبوردن ئەکەم، حەق بە تۆیە" . پاشان سەیرێکی خاوەن سەگەکەی کرد .... ئەویش کوپی "بوکەشوشەیەک" بوو، راست وەک سەگەکەی .... هەڵبەتە زرق و برق و ئارایشەکەی برێک لە سەگەکە زیاتر بوو ! ، ژنەکەش سەیرێکی پر مانای باوکی کچەی کرد و رۆی .... باوک بە تەواوی لە گەڵ نیگای ژنەکە دا موافق و تەبا بوو. لەوانەیە نەدەبو پێی بکەوێتە ئەم جۆرە گەرەکانە، هەڵبەتە وایە ... زۆربەی دوکتورە باشەکان نایەن بۆ خوارەوەی شار کار بکەن ....

ئارەقێکی سارد نیشتبوە سەر لەشی، گیانی ببوە سەهۆڵ .... یەک لەحزە ئاگای هاتەوە خۆی، و هێندەی نەمابو کە بچێتە ناو دوکانەکە .... کچۆڵەکە هەر خەریک بوو دەستی رادەکێشا، باوکی پرسی : " بۆ کوێ؟! .... کچم بۆ کوێ

ئەچی"؟! کچۆڵەکە کە بە تەواوی هاتبوە سەر زەوق، ووتی : "بۆچی ناتەوێ بیکری بۆم" ؟!

لە قەراخ شەقامەکە پیاوێکی بەتەمەن، لاقە گۆج و روتەکەی گرتبوو بە دەستەوە و داوای یارمەتی ئەکرد. جاروبار کەسێک پارەیەکی بۆ فرێ ئەدا و ئەڕۆی.

ئەم جارەیان ئیتر نۆبەی باوکەکە بوو دەستی کچۆڵەکە توند بگرێ و رایکێشێ ! .... کاتێک کچەکەی رائەکێشا، ووتی : " ووەرە سارا گیان ... ووەرە، ئێستا دیسان گۆچیلەت دێتەوە ئێش ها ..... ووەرە باوکە گیان، کاکت و داڵیە لە ماڵەوە چاوەڕێن" ..... لەحزەیەک نیگای باوک و کچۆڵەکە لێک گرێ دران ... چاوانی کچۆڵەکە پڕ بوو لە حەز و زەوق و تین .... لەحزەیەکی سەیر و عەجیب بوو ..... باوکەکە هەوڵی دا زوو نیگای لە منداڵەکەی ببرێ، بەڵام ........